# سەندیکای ڕۆژنامەنووسان خۆی نەخشە سازی خنکاندنی ئازادیە

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دوای ئەوەی کە پڕۆژەیاسایەکی دواکەوتوانە و دژی ئازادی و موداقع لە بیروباوەڕی عەشیرەتگەری خستە بەردەم پەڕلەمانی کوردستان, وە پەرلەمانیش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕیخۆشکەریانەی کە "سەندیکای ڕۆژنامەنووسان " بەپڕۆژەکەی بۆی کردبوون بەزیادکردنی خاڵی خەتەرترەوە بۆسەر پڕۆژەکە دەنگیدا . کە لە سەرەتاوە تا ئەو جێگایەی ئەیانەوێت بی سەپێنن جیگەی ناڕەزایەتی ئازادیخوازان و زۆربەی هەرەزۆری ڕۆژنامەنووسان و خودی ئەندامەکانی سەندیکایە, بەڵام ئێستا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دوای ئەوەی کە هەتا بۆیکرا باوەشێنی ئاگرەکەی کرد بە قازانی کۆنەپەرستی و دژی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی , ئێستا لە بەرانبەر ئەو زیادکراوانەی کە پەڕلەمان خستویەتیە سەر پڕۆژەیاساکەیان نیگەرانی پیشان دەدەن . ئەوان پڕۆژەیاسایەکیان خستە بەردەم پەڕلەمان ئەگەر زیادکراوە خنکێنەرەکانی پەڕلەمانیشی لێلابەریت ئینجا تا ئەوپەڕی کۆنەپەرستانە و دژی ئازادیە و بەپێشنیارەکانی سەندیکا زمانی ڕۆژنامەنووسان دەبەستریت. بەڵام ڕۆژنامەنووسانی تینوی ئازادی و بەرەی ئازادیخوازیی کوردستان دەزانن کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ناتوانێت دیفاع لە خواست ومافەکانی ئەوان بکات . خۆئەگەر ئەو بەندەش بە خواستی" سەندیکا " لابرێت هیچ لە ناوەرۆکی دواکەوتوانەی پڕۆژەکەی خۆیان ناگۆڕێت . ئێمە لەرێگەی ئەم بەیاننامەیەوە وەك پێشتریش ووتومانە دووبارەی دەکەینەوە کە "سەندیکای ڕۆژنامەنووسان" بەشێکی گەورەیە لە خوڵقاندنی بەرتەسکردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان ، وە پڕۆژە یاساکەی بەردەم پەرلەمانیش نمونەیەکی زیندوە , بۆیە بانگەوازی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەین کە تائێستا لە ناو سەندیکایەکدا ئەندامن کە ئەوە بەرهەمەکەیەتی بێنەدەرەوە و لەگەڵ هەموو ڕۆژنامەنووسانی خوازیاری ئازادی بێمەرج و سانسۆر کاری دەستەجەمعی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەبکەن کە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەرتەسك دەکاتەوە , وە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان ودیفاع لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی ڕێکخراوی سەربەخۆیی خۆیان دابمەزرێنن .

بژی ئازادی ڕۆژنامەنووسی

# دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین

**2007\12\13**